



بۆ پیاوێک پڕ لە نور

شیعری: ئازا یوسف

(نامەی نوور ) بۆ دیاری قەرەداغی

چەندین شەوە ئەم قەصیدەیەم بۆ تەواو ناکرێ
لە پەنجەرەی ڕاونینەکانم شەو نییە خەتمت نەکەم
نور لەتەوقی سەرمە لە ڕۆخ بارانەوە دانیشتووم
دەریا بەسەر سەرم دەبارێ
من چی بکەم جگە لە وەی گوێت بۆ دەگرم شتێکی دی نازانم
بەدیار وێنەکانی خوداکەم دانیشتووم
بۆ ئەوە دانیشتووم بگریم .
دیاری گیان.... تۆ لەخۆت دوورتر و لە منیش نزیکتر
دەروێشێکم بە دیار هەموو گۆرانییەکانت
گوێیەکم بۆ خۆم و گوێیەکیش بۆ تۆ
تاقەتی ئەوەم نەما بۆ گوێ نەگرتن لە تۆ
دڵم لەو ورتە ورتەی ژیان پڕ بوو
وێستگەیەک بۆ مانەوەم
بەندەرێک بۆ ماڵئاوایم
کۆلانێکیش بۆ پیاسەکانم
جگارەیەکیش بۆ نەکێشانم
دیاری گیان من پیر بووم پیر لە نێو ئەم هەموو گۆرانییەت.

2013/ 2/5

هەولێر